# عێراقی بوون شەرمەزارییە
## کورتە وەڵامێك بۆ کۆمێتەی فینلەندی PUK

Ebas SHIWAN
a.shiwan@kurdpost.com

**هێژا و بەرپرسی کۆمیتەی فینلەند ( م . خەمبار ) ڕۆژی هەینی موبارررەک ک. ببوورە بۆ شیرین کردنە . ڕێکەوتی 02.3.15 لەماڵپەری Kurdistannêt وەڵامێکی ناونیشان درێژی : ( ڕابردووی یەکێتی نیشتمانی کوردستان سەلماندوویەتی ترساوە!! یان نا!!؟ ) بە ڕاپۆرتە هەواڵێکی ( PUK لە ڕۆژنامەنووسان دەترسێت !؟ ) من داوەتەوە کە لە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی 02.3.11 لە هەمان ماڵپەردا بلاو ببووەوە .**




**سوپاسی ئەو هێژایە دەکەم بەو نووسینەی دەروازەیەکی بۆ کردمەوە تا چەند قسەی کورت و پوختی تر بکەم, دیارە گەر وەڵامی خاڵ بەخاڵی نووسینەکەی بدەمەوە کورد وتەنی" ئەو هەویرە ئاو زۆر دەکێشێ, لەوانەیە بەکێشمان بکات بۆ چەند مەسەلەی تر نەخوازراو بۆیە یەکدوو خاڵ دەگرم و ئەوانی دیکە بۆ شەت.**

**1/ ( ... لاسایی ئو ڕۆژنامەنووسانەی نەکردایەتەوە کە چاویان بەرایی نادات تەنانەت وشەی کورد و کوردستان بە کوردی بنووسن! واتە کاك ع.شوان دەیتوانی بنووسێت یەکێتی نیشتمانی کوردستان نە پی یو کەی...) من پێم باشە کورد بە ئەلفبای لاتینی بنووسێت, هەروەك پسپۆرانی زمانیش دەڵێن کوردی نووسین بەو ئەلفبایە درووست تر دەنووسرێت, خۆشبەختانە ئێستا لە دەڤەری بادینان و کەناڵی ڕاگەیاندنی KDP بە تایبەت (TV) یە ئاسمانییەکەیان پەیرەوی ئەو شێوە نوسینە دەکرێت.**

کەچی بەداخەوە, دەڤەری سلەیمانی و کەناڵەکانی PUK ئەو ئەرك و لایەنەیان نەگرتۆتە ئەستۆ ئەمە لەکاتێکدا زۆر قسە لە تازەبوونەوە و مۆدێرنیەت و... هتد دەکەن بەڵام بە پراتیك سفر هیچ بەدەستەوە!!

ئەو دیدەی لەم چەند دێرەوە سەرچاوە دەگرێت: ئێمەی کورد دەبێت لە هەموو بوارەکاندا خۆمان لە کەلتووری داسەپاوی ئیسلام و عەرەبان بپچڕێنیین و لێك جیابکەینەوە.

هەربۆیەکە نووسینەکە بە پیتی لاتینی هەنگاوێکی گچکەیە بەرەو خۆ جیاکردنەوە،پەیوەندی بە ڕق و کینەوە نییە و کوردایەتی و ناکوردایەتی یەوە نییە، ئەو ڕاڤەکردنە نادرووستە.

ئەگەر مەسەلەی کورد بوونی ساغ بێت, هەرچەندە لەوانەیە بە توند ڕەوی لەقەلەم بدرێت، دەڵێم شەرمەزاریی و نەنگییە بۆ هەرکوردێکی کوردستانی باشوور، خۆی بە عێراقی بزانێت.

خۆ فینلەندییەکان بەقەدەر ئێمە قووربانیان نەداوە، بەڵام پاش هەشتا ساڵ هێشتا بەو موتەرەقی بوونەی خۆیانەوە ڕقیان لە سویدییەکانە، حەز بە معامەلەیان ناکەن هەر کە باس لەسووید دەکرێ حەماوەتیان بەرز دەبێتەوە وەك ئیهانە بکرێن وایە.

ئێمەیش هەر کەسێك لە نەتەوەی سەردەست دەبینین گریمان کوردیش بزانێ هێندە کەم و نزمین خێرا گێر دەگۆڕین بە زمانی ئەو گفتوگۆی لەگەڵدا دەکەین.




ئەوەیش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ: غەدری مێژوو بە پلەی یەکەم زائید سەرکردایەتی سیاسی بێگانەپەرست و خۆبەکەمزانی کورد.

2 / (.... نە ئێمە ڕێکخراوێکی ڕەسمی کار دەکەین و نە بەڕێزیشیان وەك ڕۆژنامەنووسێکی قانوونی و نقابی کار دەکەن ...) سەیرە نوێنەری حکومەتی دەڤەری سلەیمانی و

**پارتی دەسەڵاتدار خۆی بەکەم دەزانێت و بەناوی ئەوەی گوایە ڕەسمی نین، مۆری نارەسمی و نا نقابی بوونیش بۆ من دەردەکات.**

**لەو بڕوایەدام خودی PUK ئەو نەزەرەی کاك مەهدی پێ باش نەبێت. من بە بیانووی نەبوونی شەهادەوە و نەقابی بوونەوە خۆم بەکەم نازانم , ڕووی دوژمنانی کورد, بێ موبالاتی خۆمان ڕەش بێت، ئەگینا....**

**لەوانەیە ئەو هێژایە بێئاگا بێت لە مێژووی من، تەشبیە نەبێت وەك عێزەت یەکپارچە گووتەنی: کورد دوو پیاوی تیایە یەکێکیان مەلا مستەفا ئەوی تر پیاو عەیبە باسی خۆی بکات. جا کەس نەزانێ من چ کارە بووم، خۆ قەلەمبەدەستانی کوردستانی نوێ دەزانن.**

**لایەنێکی تری ئەو مەسەلەیە ئەوەیە کە لەم وڵاتە بەدەست هێنانی شەهادە و بوون بە ئەندام لە سەندیکای ڕۆژنامەنووساندا هەروا ئاسان نییە. مەرجی کارکردن، سووتان و دڵسۆزییە گەرەکە، نەك شەهادە و سەندیکا.**

**دەعوەتی برادەری، لە مەسەلەی بەشداری کردن و نەکردن لە هەرکارێکدا دیاردەیەکی باشە. بەڵام گەر هاتوو فلاَن کەس بانگهێشتی نەکردم بۆ فلاَن سیمینار کە پەیوەندی بەمەسەلەی نەتەوەکەمەوە هەیە. سەرم پێوەی نییە خود بەخود دەچم و چووشم. بەڵگەشم ئەو ڕاپۆرتە هەوالأنەیە کە لەم یەکدوو ساڵەیەدا نووسیومن و بلأومکردوونەتەوە.**

**بۆ وەزنی شیعر" وەك موسڵمانان دەڵێن خودایە ئەمەچ نامۆ بوونێکە ەیخەی بە میللەتەکەم گرتووە؟؟**

02.3.17